گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# کێشە و ململانێی مەزهەبی لە شاری بەغدا لە دەوڵەتی بوەیهی لەساڵی (٣٣٤-٤٤٧ک/ ٩٤٥-١٠٥٥ز)

**ئازاد عثمان مصطفی**
بەشی مێژوو, کۆلێژی ئاداب , زانکۆی صلاح الدین ، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
azad.balaky@su.edu.krd

**صدرالدین مصطفی قادر**
بەشی مێژوو, کۆلێژی ئاداب , زانکۆی صلاح الدین ، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
sadraldin.qader@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/١٠/٣١
پەسەندکردن:٢٠٢٤/١/٨
بڵاو کردنەوە:بەهاری ٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان**
*Internal conflict, Shatars, eras of strength, weakness, religions*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.1.1

## پوختە

گەورەترین کێشە خیلافەتی عەباسی لەسەردەمی چوارەم و پێنجەمی کۆچیـدا کەهەیبوبێـت کێشــەی مەزهەبی بووە کە لەهەنـدێـک لەو دەوڵەتانەی لە سنوری خیلافەت گەیشتوون بەدەسەڵات و کاریان لەسەر جیـاوازی مەزهەبی کردووە وەکو دەوڵەتی بوەیهی لەعێراق وهەرێمی فارس، هەر ووڵاتێک کێشــەی مەزهەبی تێدابێت و چارەســەری نەکات هەرگیز ناتوانێت بەهێز بێت لەناوە و دەرەوەی ووڵات، دەبێتە هۆکارێک بۆ تێکچونی بارودۆخی سیاسی و ئابووری بازارەکان، کێشـەی مەزهەبی لەشـاری بەغدا لەسـەردەمی دەوڵەتی بوەیهی کە ڕووی لەزیاد بوون کرد، یەکێـک لەهۆکـارە ســەرەکیەکـان میرەکـان بوون، میرانی بوەیهی مەبەســتیان لێدان بوو لە ســونەکان و بڵاوکردنەوەی ئاینزای شــیعە و جیاوازی کردن لەنێوان خەڵک و زانایانی شیعە وسونە ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە خەڵکی شـاری بەغدا زۆرینە سـونە مەزهەب بوون و وە بەشـێکی عەلەوی و شــیعە دوازدە ئیمامی بوون، هەر بۆیە ئەم کارانە بوونە هۆی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نارەزای دەربرین لەلایەن خەڵک و زانا سـونیەکان دواتریش پێکدادان و کوژران و برینداری زۆری لێکەوتەوە،
ئەم توێژینەوەمان پێک هاتوە لە بەشـێک بەناوی کێشـە و ململانێی مەزهەبی لە شـاری بەغدا لە دەوڵەتی بوەیهی(٣٣٤-٤٤٧ک/ ٩٤٥-١٠٥٥ز) کەخۆی لە سـێ تەوەرە دەبینێتەوە، تەوەرەی یەکەم، باس لە کێشـە و ململانێی مەزهەبی لە سـەردەمی زێرینی میرانی بوەیهی (٣٣٤-٣٧٢ک) کەتێیدا باسـی میر(معزالدولة- عزالدولة بختیار – عضـدالدولة) دەکەین کە تـاچەنـد کـاریـگەربـوون وە چـۆن کـێشـە مەزهەبـیەکـانـیـان چارەسـەرکردوون، هەروەها تەوەرەی دووەم،باسـی کێشـەو ململانێی مەزهەبی لە سـەردەمی لاوازی حوکمڕانی میرانی بوەیهی(٣٧٢-٤٤٧ک) دەکەین، کە میر(بهـاء الـدولـة- شـرف الـدولـة- جلال الـدولـة- ملیـک رحیم)دەگرێتەوە وە باسـی لاوازیان بێدەسـەڵاتیان لە ئاسـت کێشـە و ڕووداوەکان دەخەینەڕو، تەوەرەی سێیەم، باسی ڕۆڵی بزوتنەوەی عەیارو شـەتـارەکـان لە زیـادبونی کێشـەو ملمـلانێیەکـان و تـاڵانی شـەرو کوشـتارەکانیان دەکەین کە چۆن دەوڵەت بەو هێزەی هەیبوو نەیتوانی بنبڕیان بکاو لەناویان بات.

## پێشەکی

دەوڵەتی بوەیهی یەکێک بوو لەو دەوڵەتە شـیعیانەی لە ناوچەی دەیلەمسـتان و لە هەرێمی طبرستان وجورجان سەریان هەڵدا، لەسەر مەزهەبی شیعەی زیدی بوون، بنەماڵەی بوەیهیەکان توانیان سـەرەتای ژیانیان دەسـت پێبکەن لەرێگای خزمەتکردن بە دەوڵەتانی ناوچەکە وەکو (سـەفاری و زەیاری و ماکان بن کاکی)، کەدواتر بەهۆی لێهاتویانەوە توانیان جێدەسـتی خۆیان بچەسـپێنن بەسـەر ئەو هەرێمانەی لەژێدەسـتیان دابوو وە متمانەی خەڵکەکەیان بەدەسـتهێناو توانیان کۆتایی بەو دەوڵەتانە بهێنن کە کە لەژێر دەسـەڵاتیان خزمەتیان کردبوو دواتر توانیان دەوڵەتی خۆیان بنیات بنێن، توانیان لەماوەیەکی کەمدا دەسـەڵاتیان بەسـەر تەواوی هەرێمی فارس وخوراسـان و دواتر عێراقیش بسـەپێنن، بەڵام ئەم  دەوڵەتە نەبوە فریاد رەسـێک وەکو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەی خەلیفە داوای دەکرد چونکە هەر لەگەڵ هاتنیان بۆ شاری بەغدا کاریان لەسەر تێکدانی کۆمەڵگا کرد ئەوەیش بە زیندوکردنەوەی یادو بۆنەی عەلەویەکان و بڵاوکردنەوەی ئاینزای شیعە لە عێراق، کردنەوەی چەندین قوتابخانە لەو بوارەدا چەندین پۆستی گرنگی پێدان، ئەو زانا سونیانەی لەگەڵ سیاسەتی میرانی بوەیهی نەگونجاون یان دەکوژراون یان لادراون لە کارەکانیان ئەم کارە هەتا خەلیفەشی دەگرتەوە، هەر بۆیە وولات بەگشتی و بەغداد بەتایبەتی لەتەواوی حکومڕانی بوەیهیەکان بەردەوام لەشەری مەزهەبی دابووە کە سەدان کەس بەهۆیەوە کوژراون وە سەدان ماڵ و دووکان و گەرەک سوتاون بەهۆی ئەم کێشە مەزهەبیەوە، ئەم کێشەو فیتنەیەی سەری هەڵدا کاریگەری لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری هەبوو کە بووەهۆی نەمانی چالاکی بازرگانی و بازار و ئەویش بەهۆی زۆربونی دزی و رێگری عەیاریەکان، بەهۆی دروستبونی بۆشای ئەمنی لە شارداو خەڵکە دەوڵەمەندەکەش وولاتی بەجێ دەهێشت چونکە هیچ گرنتیەک نەبوو بۆ پاراستنیان، کۆمەڵگە دابەشی دووبەرە ببوو لەنێوان شیعە و سونە کە بەردەوام لەملمانێ دابوو، ئەو کێشەیەی بوەیهیەکان دروستیان کرد کاریگەری خراپی هەبوو لەسەردانیشتوانی بەغدا کە تاوەکو ئەمرۆش بەردەوامە، ئەمەش وایکرد دەوڵەتەکەیان بەرە لاوازی براوات و کۆتایان پێبێت لەساڵی(٤٤٧ک/ ١٠٥٥ز) لەلایەن سەڵجوقیەکانەوە، بوەیهیەکان لەدوای خۆیان شارو وولاتێکی خراپبو و کاول و پرکێشەی مەزهەبیان لەدوای خۆیان بەجێهێشت.

ئەم توێژینەوەمان پێک هاتوە لە بەشێک بەناوی کێشە و ململانێی مەزهەبی لە شاری بەغدا لە دەوڵەتی بوەیهی(٣٣٤-٤٤٧ک/ **٩٤٥-١٠٥٥ز)** کەخۆی لە سێ تەوەرە دەبینێتەوە، تەوەرەی یەکەم، باس لە کێشە و ململانێی مەزهەبی لە سەردەمی بەهێزی میرانی بوەیهی (٣٣٤-٣٧٢ک/٩٤٥-٩٨٢ز) کەتێیدا باسی میر(معزالدولة- عزالدولة بختيار – عضدالدولة) دەکەین کە تاچەند کاریگەربوون وە چۆن توانیویانە کێشە مەزهەبیەکانیان چارەسەر بکەن، هەروەها تەوەرەی دووەم،باسی کێشەو ململانێی مەزهەبی لە سەردەمی لاوازی حوکمڕانی میرانی بوەیهی(٣٧٢-٤٤٧ک/ ٩٨٢- ١٠٥٥ز) دەکەین، کە میر(بهاء الدولة- شرف الدولة- جلال الدولة- مليک رحيم)دەگرێتەوە وە باسی لاوازی و بێدەسەڵاتیان لە ئاست کێشە و رووداوەکان دەخەینەڕوو،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەوەرەی سێیەم، باسی ڕۆڵی بزوتنەوەی عەیارو شەتارەکان لە زیادبونی کێشەو ملّملانێیەکان و تالّانی شــەرو کوشـــتارەکانیان دەکەین کە چۆن دەولّەت بەو هێزەی هەیبوو نەیتوانی بنبڕیان بکاو لەناویان ببات..

## بەشـــی یەکەم: کێشــە و ململانێی مەزهەبی لە شـــاری بەغدا لە دەوڵەتی بوەیهی(٣٣٤-٤٤٧ک/ ٩٤٥- ١٠٥٥ز)

### تەوەرەی یەکەم: کێشــە و ململانێی مەزهەبی لە ســەردەمی بەهێزی میرانی بوەیهی (٣٣٤-٣٧٢ک/ ٩٤٥- ٩٨٢ز):

کێشــەو ململانێیە مەزهەبیەکان ریشــەیەکی قوڵی هەیە لە جیهانی ئیســلامی بەگشــتی و لە دەوڵەتی بوەیهی بەتایبەتی، چونکە بویهیەکان ســیاســەتی ناکۆکی مەزهەبیان گەتەبەرکە ئەم ســیاســەتە بەرەو شــەرو کێشــەو فتنەی مەزهەبی دەبردن هەر بۆیە هەموو کارێکیان کرد بۆ زیندوکردنەوەی مەزهەبی شــیعە لەعێراق کە هۆکارێک بوون بۆ زیندوکردنەوەی ئەو کێشــە مەزهەبیەی لە نێوان شــیعە و ســونەکان لەســەر حیســابی ســوننیە مەزهەبیەکان کە خەڵکی رەسەنی ناوچەکە بوون وە زۆرینەی دانیشتوانیان پێدەهێنا.

لەدوای بلاوبونەوەی مەزهەبی شــیعەی زەیدی لە هەرێمی دەیلەم دواتر بنەماڵەی بوەیهی لەناو دەیلەمیەکان دەرکەوتن توانیان زاڵبن بەسەر تورکەکان و دواتر هاتنە عێراق، ئامانجیان ئەوەبوو مەزهەبەکەیان بەردەوامی پێبدەن و زیاتر بلاوی بکەنەوە کە لە عێراق مەزهەبی دوازدە ئیمامی شــیعی بونی هەبوو وە هەســتان بەپیرۆزدانانی شــوێنەکانیان وگۆڕی پیاوەچاکەکانیان و یـادکردنەوەی روداوەکـان ئەوانەی تـایبەت بوو بە ئـالوبەیـت[1]. هەروەها گرنگیـان دەدا بە زانا شــیعەکان و ومەزارگەو شــوێنە پیرۆزەکانی وەکو کەربەلا و نەجەف، رێگەیان خۆش دەکرد بۆئەوەی خەڵک زیارەتی ئەم شێنانە بکەن و ئەو یادانە زیندو بکەنەوە زیاد لە پێویست، هەڵبەتە دەسەڵاتی بوەیهی لەپشت ئەم کارانە بووە ئەمەش زانایان و هاولاتیانی ئەهلی سونەی تورەکرد

{المقريزی: السلوک معريفة دول الملوک، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، بيروت، دار الكتب العلمية، (بيروت- ١٩٣٤).
1- ١/ ٤٥}.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرامبەر بەو رەفتارەیان سەرەنجام شەری مەزهەبی لێکەوەتەوە ئەم شەرە بەردەوام بوو هەتا کۆتای هاتنی دەوڵەتی بوەیهی.[2]

بێگومان میرانی بوەیهی هەوڵیاندا فکری شیعەگەرایی لە بەغدا پەرە پێبدەن لەوانەش میر(بهاء الدولة) کە دەیویست مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی لە رووی عەقیدەیەوە لە نێو خەڵکی بەغدا بلاوی ببێتەوە، دواتر چەندین زانای گەورەی شیعە دەرکەوتن لەوانەش (الكليني (ت:٣٢٩ک/٩٣٩ز) کتابەکەی بە(کتێبی چوارەم) ناسراوە، هەروەها دووەمیان (ابن بابوية(ت: ٣٨١ک/٩٩١ز) کەبەردەوام بوەیهیەکانی هاندەدا لەسەر پشتگیری کردنی شیعەکان، سێیەم (ابو جعفرالطوسي(ت٤٦٠ک/١٠٧٦ز) کەپشگیری میرانی بوەیهی دەکرد وە بوەیهیەکانیش هاوکاریان دەکردن لەسەر بلاکردنەوەی مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی، چەندین قوتابخانەی شیعیان کردەوە لەشاری بەغدا لەوانەش (دار العلم) لە سەردەمی میر (بهاء الدولة )لەلایەن وەزیر (ابو نصر سابور بن اردشير)(م. 416ە / 1025ز)وە دروستکراوە لەساڵی(٣٨٣ک/٩٩٣ز)[3]

بوەیهیەکان لەساڵی (٣٣٤ک/٩٤٥ز) هەوڵیان دەدا بە زۆرەملێ خەڵکی بەغدا و عەرەبەکان لەماڵەکانیان دەرکەن و شیعە و دەیلەمیەکانی تێدا نیشتەجێ بکەن بۆ ئەوەی رێژەی شیعەکان زیاتر بێت لە سوننەکان. ئەمەش پێشێلکردنی مافی هاوڵاتی بوون بوو لەلایەن دەوڵەتی بوەیهیەوە، بوەیهیەکان هۆکاری سەرەکی بوون لەم کارەدا و لایەنگیری شیعەکانیان دەکرد لە دژی عەرەبە سوننەکان، بەردەوام مافی عەرەبە سونەکانیان دەدایە دەیلەمیە شیعەکان و زەویەکانی دەوڵەتیان دەدایە زانایانی عەلەوی و شیعە. میری بوەیهی هەوڵی دەدا سونە مەزهەبەکان لە ناوچە شیعەنشینەکان دەربکات و خانوەکانیان بداتە شیعە و دەیلەمیەکان. جگە لەوەی زۆرترین پۆستی باڵای وەك وەزیر و بەرێوەبردنی سوپا و خەراج لە دەست شیعەی عەرەب و ناعەرەب بوو. واتا بەشێوەیەکی گشتی عەرەبە سوننەکان دوور خرابوونەوە لە

---

2 - {مسكويه :. تجارب الامم وتعاقب الهمم، تحقيق: سيد كسروي حسن، بيروت، دارالكتب العلمية. (بيروت،٢٠٠١)، ٣٥٢/٥}.

3 -{ ابن الاثير، الكامل في التاريخ، تحقيق: أبوفداء عبدالله القاضي، (بيروت ١٩٩٥).، دارالكتاب العربي.١٦٢/٧}.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خزمەتگوزاری و مافەکانیان پێشـێلکرابوو لە دەوڵەتی بوەیهی، هیچ مافێکیان وەک دەیلەمی و شیعەکان نەبوو.[4]

**یەکەم: سەردەمی میر معزالدولة(٣٣٤-٣٥٧ک/٩٤٥-٩٦٧ز):**

دوای ئەوەی (معزالـدولـة(٣٣٥-٣٥٧ک/٩٤٦-٩٦٧ز)، دەچێتە بەغـدا و دەسـەڵاتی خیلافەتی دەکەوێتە دەسـت بیر لە هەڵوەشـاندنەوەی خیلافەتی عەباسـی دەکاتەوە بۆ دامەزراندنی خەیلافەتێکی شـیعی زەیدی، بەدانانی(أبی الحسـین محمد بن یحیی الزیدي العلوي)بەڵام دوای راوێژکردن بە دەوروبەرەکەی و پیاوماقوڵان و وەزیرەکانی پاشـگەز دەبێتەوە لەو بریارەی لەبەرچەند هۆیەک :

یەکەم: دەبوایە خەلیفەیەکی زەیدی شـیعە دابنێت و گوێرایەڵی تەواوی بکات، خەلیفەکەش دەسەڵاتی تەواوی دەبوو واتا دەسەڵاتی لە میرانی بوەیهی وەردەگرتەوە.

دووەم: سوننە بونی زۆرینەی دانیشتوانی عێراق لەلایەک و خۆشەویستی خەلیفەی عەباسی وەکو رەمزێکی ئاینی دەوڵەت سـەیریان دەکرد لە لایەکی تر زەحمەت بوو ڕازی بن بە بڕیاری دوورخستنەوەی.[5]

سێیەم: شـیعەکانی عێراق شـیعەی دوازدە ئیمامی بوون رازی نەدەبوون بەدانانی خەلیفەیەکی شیعەی زەیدی لەعێراق.

چوارەم: بوەیهیەکـان رازی نەبوون بە بەیعەتـدان بە خیلافەتی فـاطمی چونکە دەبووە هۆی لەناوچونی دەسەڵاتیان زاڵبونی دەسەڵاتی فاطمیەکان بەسەریان.[6]

---

4 -{إبن الجوزي، المنتظم في تاريخ الملوك والامم، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا و مصـــطفي عبدالقادر عطا، بيروت، دارالكتب العلمية. (قاهره، ١٩٩٢م)، ٣٣٥/٦؛ أبن تغري بردي: النجوم الزاهرة في ملوک مصـر و القاهرة المؤسـسـة المصرية العامة للتأليف. (قاهيره،١٩٦٣)، ٢٣٤/٤ ، القاهرة،

5- { کامەران على فتح الله. مێژووی دەوڵەتی عەباسی، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات.(هەولێر٢٠١٩م) ،ل٢٢٥}.

6 -{(إبن ألاثير، مصدر نفسه، ٣١٥/٦).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێنجەم: حەمدانیەکان هێزێکی تر بوون لەموصل دەسەڵاتیان هەبوو، بەردەوام پشتیوانیان لەخەلیفە کردووە بۆیە بوەیهیەکان لەبەر ئەم پاڵپشتیە بەهێزەی لە خەلیفە کراوە لەلایەن حەمدانیەکان، بوەیهیەکان نەیانتوانیوە خەلیفە و خیلافەت لابدەن.[7]

میر(معزالدولة(٣٣٤-٣٣٦ک/٩٤٦-٩٦٧ز) بەردەوام هەوڵی دروست کردنی کێشەی داوە لەنێوان مەزهەبی(شیعە و سوننە) لەعێراق و فارس، ئەگەرچی وەزیر(محمد المهلبي) هەوڵیدەدا بەبێ جیاوازی خزمەت بەخەڵکەکە بکات و مافی هەمووان بدات.[8] لە سەردەمی میر(معزالدولة(٣٣٤-٣٣٦ک٩٤٦-٩٦٧ز)، میر فەرمانی کرد بە جنێودان بە هاوەڵان و خەلیفەکانی ئومەوی وەک (ابن الاثير) دەڵێ:(( نەفرەت لەموعاویە و نەفرەت لەوەی نەیهێشت حەسەن لەتەنیشت باپیری بنێژرێت، نەفرەت لەوەی (ئەبوذری غفاری).[9] دورخستەوە و نەفرەت لەوەی عەبباسی لەشورا لادا)).[10]

هەر لەساڵی (٣٣٤ک/ ٩٤٥ز) (معزالدولة) لەگەڵ سەربازەکانی هاتنە ناو عێراق هەوڵیاندا ئاینزای شیعە گەشەپێبدەن وبلاوی بکەنەوەو پشگیری تەواویان کردن لەسەر زیندوکردنەوەی یادەکانی شیعەو عەلەویەکان و ئامانج لەوەش دروستبونی کێشەی مەزهەبی بوو لەشاری بەغدا وەکو دەبینین کاتێک خەلیفە(المستكفي بالله) یەکێک لەزانا شیعەکان بەناوی(الشافعی) دەستگیر دەکات، ئەمەش بووە هۆی نارەزای لەلایەن شیعەکانەوە بۆیە (معزالدولة) بڕیاریدا بە دەستگیریکردنی خەلیفە و دورخستنەوەی لەسەر خیلافەت و دواتر کوشتی.[11] هەرلەساڵی (٣٣٤ک/ ٩٤٥ز) ڕێگەی دا بە زیرەتکارانی شیعە بۆ کەربەلا بۆسەر مەزاری ئیمام حسین کە چەندین دروشمی جۆراوجۆریان دەگوتەوە کە هەندێکی بێرێزی و تەشهیر بوو بە زانا و

[7] -{الهمذاني: تكلمة تاريخ الطبري، تحقيق: محمد ابوالفضل ابراهيم، بيروت، دار النشر المطبعة الكاثوليكية ص٣٥٧؛ کامەران فتح الله،دەولەتی عەباسی، س.پ، ٢٠١٩م، ل٢٢٦

[8] -{ابن الاثير: كامل، م.س، ٣٤٠/٦}.

[9] - (ابو ذری کوری جندب کوری جنادة الغفاری)، یەکێکە لەو هاوەڵانەی هەر زوو موسڵمان بووە، زاهیدو لەخواترس و حەقبێژ بووە، داوای دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەکرد، لەبەر راستگۆی و حەق بێژیەکەی (پێغەمبەر(د.خ)، پێشبینی بۆکردبوو، کە بەتەنیا دەژی و بەتەنیا دەمری وبەتەنیا زیندوو دەکرێیەوە، لەساڵی(٣٢ک/٦٥٣ز) لە (الربذه) کۆچی دوای کرد {ابن هيشام، السيرة النبوية، تحقيق: مصطفي السقا و ابراهيم الابياري و عبدالحفيظ الشلبي، مصر،(د.ط)، ٥٢٤/٢؛ الاصفهاني،.الأغانى، تحقيق: على مهنا وسير جابر، لبنان، دارالفكر للطباعة، ٥٥٧/٢}.

[10] -{ابن الاثير،كامل، م.س ،٢٤١/١١}.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاوەڵانی پێغەمبەر(د.خ) بۆیە لەو کاتەوە کێشـــەی مەزهەبی ســـەریهەڵدا.[12] هەربۆیە خەلیفە (مطیع) بۆ ئەوەی بەرپەچی شیعەکان بداتەوە بریاریدا بە خۆنزیک کردنەوە لە حەنبەلیەکان بۆ ئەوەی دژایەتی شـــیعەکانی پێبکات هەر بۆیە ململانێەکان بەردەوام و زیاتر بوو.[13] هەردووبارە لەســـاڵەکانی(٣٣٨-٣٤٠ک/ ٩٤٩- ٩٥١ز) کێشـــە مەزهەبیەکان بەردەوام بوون، جگە لەوە لەســـاڵی (٣٤٨ک/ ٩٥٩ز) بـارودۆخی کۆمەلاَتی تێکچویەوە بەهۆی دروســـتبونی کێشـــەی مەزهەبی نێوانشـــیعە وســـونەکان کەبووە هۆی ســـوتان وتێکدانی دەرگای (الطاقة) و دەوروبەری بغداد، هەروەها لەساڵی (٣٤٩ک/ ٩٦٠ز) ئەوکێشە مەزهەیانە بەردەوامی هەبوو لە شاری بەغدا کە بوە هۆی وەستانی چالاکی بازرگانی و زۆربوونی دزی و تالآنی لەناو شارو رێگا بازرگانیەکان، لەکاتی شـەرەکان تەواوی مزگەوتەکان دادەخران ونوێژی هەنیان تێدا نەدەکرا لەبەر سـوتان وپەلاماری چەکدارەکان هەربەو هۆکارەوە بەشێک لە بنەماڵەی هاشمیەکان دەستگیرکران کە تاوانبارکران بە دروستکردنی ئەو کێشانە.[14]

لەســـاڵی(٣٥٠ک/ ٩٦١ز) دووبارە کێشـــەی مەزهەبی ســـەری هەڵدایەوە بەهۆی کێشـــەی نێوان پیاوێکی عەباسی و پیاوێکی عەلەوی لەو کێشەدا پیاوە عەلەویەکە کوژرا هەربۆیە بنەماڵەکەی هەسـتان بەتۆلەسـەندمەوەی خوێنی کوژراوەکە، لێرەدا سـەربازانی دەیلەمی بەژداریان کرد لە پێکدادان و گەورەکردنی کێشـەکان بۆ وەرگرتنەوەی خوێنی کەسە شیعەکە، هەربۆیە بنەماڵەی عەباسـییەکان کە سـەر بەسـونە حیسـاب دەکران هەسـتان بە داخسـتنی مزگەوتەکان و دروستکردنی پشێوی لە نێوشاردا هەوڵیان دەدا بەسەر گەرەکە شیعە نشینانەکان دابدەن، بۆیە وەزیر(المهلبي) کە وەزیری(معزالدولة) بوو، بۆ کەمکردنەوەی ئەو پشـێوی ئـاژاوە نـاوخۆیە هەسـتا بەدەسـتگیرکردنی بەشـێکی زۆر لە عەباسـیەکان و سـۆفیەکان، کە هەوڵیان دەدا کێشـە دروست بکەنەوەو تۆڵەی خۆیان بکەنەوە.[15]

---

12 -الهمذابي: تكلمة الطبري،م.س، ص١٥٩}.
13 ابن الجوزي: المنتظم،م.س، ٣٧١/٦}.
14 -{ابن الاثير:الكامل ،م.س، ٣٥٥/٦؛ ابن الجوزي: المنتظم،م.س، ٣٩٠/٦-٣٩٥}.
15 -{ التنوخي:النشوار المحاضرو أخبار المذاكرة، تحقيق: عبود الشالجي، ( ١٩٧١ بيروت)، دارصادر.، ٨٦/١-٨٨.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها لەســەدەمی میر (معزالدولة()، لەسـاڵی(٣٥١ک/٩٦٢ز} هەسـتا بەنوسـینی چەندین نوسین لەسەر دیواری مزگەوت و ناوبازار وشوێنە پیرۆزەکان کە ئەم نوسینانە ئاماژە بوون بۆ ســوکایەتی و جنێودان بەهاوەڵانی پێغەمبەر وزانا و ســەرکردە ســونیەکان بەشــێک لەو دروشــمانەش بریتی بوون لە( جنێودان بە معاویەی کوری ئەبو ســوفیان، یان نەفرەت لەوەی ئەبو زەری غەفاری دوور خستەوە لە مەدینە، نەفرەت لەوەی عباسی لە شورا دورخستەوە، وە نەفرەت لەوەی نەیهێشت حسن لەلای باپیری بنێژرێت، ئەو دروشم و جنێوانە زۆربەی شەوەکان دەنوســران لەلایەن شــیعە ودەســت و پێوەندە بوەیهیەکان، لە بەیانیان لەلایەن خەڵکی ســونە وخەڵکی بـازار رەش دەکرایەوە[16] ئەمەش بوە هۆی دروســـت بوونی کێشــەو فتنەی نێوان هەردوو مەزهەبەکە ســەرنجام دەبووە هۆی ســوتانی چەندین ماڵ وخانوو دوکان و کوژرانی چەندین هاوڵاتی شاری بەغدا کە سەرچاوەکەی فیتنە و پشێویەکان بوەیهیەکان بوون.[17]

هەروەها لەساڵی (٣٥١ک/ ٩٦٢) میر( معزالدولة) هەستا بە یادکردنەوەی رۆژی عاشورا کە فەرمانی کرد بە داخستنی دووکانەکان و نەفرۆشتنی گۆشت لەلایەن قوسابەکان و هەمو کرین فرۆشتنێک قەدەغە کرابوو وە دەبوو ئافرەتەکانیان هەستن بە خۆ جوانکردن وبچنە سەر شەقامەکان بۆئەوەی هەستی پیاوەکان بۆخۆیان رابکێشن بۆئەوەی زیاتر بە گەرمو گورتر بەرێو بچێت هەر لەو ساڵە هەستان بە یادکردنەوەی رۆژی (غەدیری خوم) کە پێیان وابوو لەو رۆژەدا (پێغەمبەر(د.خ) بەیعەتی داوە بە (عەلی) ئامۆزای، ساڵانە ئەو رۆژە لەگەڵ رۆژی عاشورا زیندوو دەکرایەوە ئاگریان لەسەردیوارەکان هەڵدەکرد.[18] وەچەند حالەت گێرەشێوێنی و ئیستفزازکردن بەسونەکانی تێدابوو هەربۆیە بارودۆخەکان بەوشیوەیە بەردەوام نەبوو، دووبارە بووە هۆی پێدادانی شیعەو سونەکان لە ساڵی (٣٥٤ک/٩٦٥ز) کە بوە هۆی کوژرانی چەندین شیعە وە

---

[16] -ابن لاثیر: الكامل في تاريخ،م.ن، ٢٤١/١١} وەکو لە ابن الاثیر هاتوە دەڵێ( فاطمە لە سەر مافەکانی لەلای ابوبکری صدیق، وە لابردنی عباس لەشورا لەسەردەمی عمرکوری خطاب، وە دورخستنەوەی ئەبو زەری غفاری لەسەردەمی عثمان کوری عفان، وەشاردنەوەی حسن لەلای پێغەمبەری باپیری لەلایەن مەروانی کوری حکمی ئەمەوی.{ ٢٤١/١١}.

[17] {ابن الاثیر: کامل،م،ن، ٢٤١/١١؛ الذهبي: سير أعلام النبلاء، تحقيق: بشار عواد، بيروت، مؤسسة الرسالة. (١٩٨٣). ٢١١/١؛ ابن تغري بردي، النجوم الزهره، م.ن، ٣٣٥/٣}.

[18] - ابن كثير، البداية والنهاية، في التاريخ، تحقيق: على شيرى، (د.م) ،دار احياء التراث العربى، (١٩٩٦)،. ٢٤٥/١١؛ ابن تغري بردي، النجوم الزهرة،م.س، ٢٦/٤}.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەبرامبەریشدا شیعەکان زانای سونەی عەنەفی (ابوسعید السرخسي)یان کوشت.[19] ئەم بارودۆخە بەم شێوەیە بەردەوام بوو لەسەردەمی (معزالدولة) دووبارە شەرو کێشە لەنێوان سونە وشیعەکان سەری هەڵدایەوە هەرلەساڵی (٣٥٤ک/٩٦٥ز) لەرۆژی عاشورا کە لەو فتنە وکێشەی نێوانیان هەندێک لەسونەکان کوژران ئەمەش نارەزای خەڵکی سونەی زیادکرد و خەڵکێکی زۆری سونە هێرشیان کردە سەر مەزگەوتێکی شیعەکان.[20] مزگەوت هیچ پیرۆزیەکی نەما لەنێوانیان چەنکە زۆربەی جارەکان هێرشیان دەکردە سەر مزگەوتەکانی یەکتری و خەڵکیان لەناو مزگەوتەکان دەکوشت ئەم کێشانە بەردەوام بوو هەتاوەکو ساڵی(٣٥٦ک/٩٦٦ز) کە (معزالدولة) بوەیهی مرد کەسەرچاوەی یەکەمی ئەم کێشانە ئەم میرە بوو. میری بوەیهی (معزالدولة(٣٣٤-٣٥٧ک/٩٤٥-٩٦٧ز) یادی رۆژی (غەدیری خوم)ی بەرز ڕاگرت، هەروەها یادی عاشورای کردەوە کە هەڵدەستا بە داخستنی بازارەکان لەو ڕۆژەدا و کردنەوەیان لەشەودا، ئەم جنێودان و یادکردنەوانە دەبووە هۆی پێشێل کردنی مافی ئەهلی سوننە، بۆیە چەندین جار کێشە و ناکۆکی و شەڕی خوێناوی لێ کەوتووەتەوە، دواجار بوەیهیەکان هەڵدەستان بە کۆتایی هێنان بەکێشەکان لەڕێگای ستەم کردن و گرتن و ئازاردانی سوننە مەزهەبەکان و پێدانی مافی زیاتر بە شیعەکان لە عێراق.[21]

لەساڵی (٣٣٤ک/٩٤٥ز) میر(معزالدولة(٣٣٤-٣٥٧ک/٩٤٥-٩٦٧ز)، بڕیاری دەرکرد بە هەڵواسینی دروشمی ("محمد و علی خیر البشر") لە بازارەکانی کەرخ و بڵاوکردنەوەی، ئەمەش بووە هۆی تورەکردنی ئەهلی سوننە و پێکدادانی هەردوولا و سەرەنجام هەندێک هاولاتی شیعە مەزهەب بەدەستی سوننەکان کوژران، لە بەرامبەردا بوەیهیەکان هەستان بەداخستنی بازاری کەرخ و گرتن و کوشتنی هاوڵاتی سوننە مەزهەب لەو بازارە.[22] دواتر کێشەکان گەورەتر بوون لە

19 -ابا سعيد السرخسي: یەکێک بوو لە زانا گەورەکانی مەزهەبی عەنەفی کە لەبەغدا نیشتەجێ بوو لەماڵەکەی خۆی شیعە کان بەسەریاندادا وکوشتیان. {الذهبي، سير أعلام النبلاء،م.س، ٢٧٢/١٦}.
20 -ابن كثير، البداية والنهاية،م.ن، ٢٥٨/١١}.
21 -{ابن الاثير، كامل،م،س، ٨١٨/٧؛ ابن كثير، البداية والنهاية،م.ن، ٣٤٥/١١؛ ابن تغري بردي،نجوم الزهرة، م.ن، ٢٦/٤}.
22 -{الذهبي، سير اعلام، م.س، ٢٧٢/١٦؛ ابن كثير، البداية و النهاية،م.س، ٢٤٥/١١}.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نێوانیان، سوننە مەزهەبەکان هەڵسان بەهەڵدانەوەی گۆڕی گەورە پیاوانی شیعە، ئەمەش بووە هۆی توڕەکردنی شیعەکان، لەبەرامبەردا ئەوانیش هەستان بە ئازاردان و گرتن و کوشتنی زانا سوننیەکان.[23] جارێکیتر لەساڵی(٣٥٤ک/٩٦٥ز) و لە رۆژی عاشوڕا لە شاری بەغدا کێشە و شەڕو کوشتار لەنێوان سوننە و شیعەکان پەیدابوو کە دووساڵی خایاند.[24]

بەڵام هەندێکجار سوونەکان هێرشیان دەکردەسەر ماڵە شیعەکان، وەکو لەسەردەمی میر (عزالدولة(٣٦٥-٣٦٧ک/٩٦٦-٩٧٨ز)، وەزیرێکی سوننی هەبوو بەناوی (ابو الفضل الشیرازی(م:٣٥٧ک/ ٩٥٨ز)،خەڵکی سونە مەزهەبیەکان پشت ئەستور بەم وەزیرە سوننیە هێرشیان کردە سەر ماڵ و گەڕەکە شیعیەکان و سوتاندیان و سەروەت و سامانەکانیان تالآنکرد، دەوڵەت لەم کاتەدا نەیتوانی هیچ کارێک بکات بۆ هێورکرنەوەی بارودۆخەکە مافی ئەو خەڵکە وەرگرنەوە ، چونکە زۆربەی کاتەکان خۆی هۆکار بوو بۆئەوەی کێشە دروست بێت لەنێوان پێکهاتەکان و هێرشکردنە سەرماڵ و موڵکی یەکتر، جگە لەوە لەوکاتەدا میرانی بوەیهی لە کێشەی ناوخۆیدا بوو لەسەر گەیشتن بەدەسەڵات.[25] سوننە مەزهەبیەکان بەهۆی ئەوەی زۆرینەی وڵاتیان پێکدەهێنا، بەر لەهاتنی بوەیهیەکان زۆربەی پۆستە کارگێڕی سیاسی و ئابوری و سەربازیەکان لەدەست خۆیان بوو ڕۆڵێکی گەورەیان دەبینی لە بەڕێوەبردنی وڵات. سوننەو شیعەکان هەموو مافێکیان هەبوو لەکار و کاسبی و بازرگانی و پیشەگەری، بەڵام دوای هاتنیان میرانی بوەیهی دەستیان کرد بە دروستکردنی جیاوازی و ناکۆکی لەنێوان شیعە و سوننە و پشگیری کردنی شیعەکان بەگشتی و پێشێلکردنی مافی سوننەکان و لێسەندنەوەی پۆستەکانیان و پێدانی بە شیعەکان. ئەم جیاوازیە مەزهەبیە دەوڵەت دروستی دەکرد بۆئەوەی خەڵک ئاگاداری دزی و تالآنی و گەندەڵی کارگێڕی میرانی بوەیهی نەبێت. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بەردەوام شەر لەنێوان شیعە و سوننە هەبێت لە شارەکانی

---

[23] {الذهبي، سير اعلام، م.ن، ٢٧٢/١٦}.
[24] -{ابن كثير، البداية، م.ن، ٢٥٩/١١}.
[25] - {مسكويه،تجارب الامم، م.س، ٣٠٤/٣-٣٠٥؛ ابن الاثير، كامل، م.س، ٤٩/٧} .

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عێراق و فارس و دەوڵەتیش بەرەو لاوازی بچێت تا سـەرەنجام بەدەسـتی سـەلجوقیەکان کۆتایی بەدەسەڵاتی بووەیهیەکان هات.[26]

**دووەم: سەردەمی میر عزالدولة)( ٣٥٧- ٣٦٧ک/٩٤٥- ٩٧٧ز):**

میر(عزالدولة) یەکێک بوو لە هەڵگیرسـێنەرانی شـەری مەزهەبی لەعێراق لەدوای مردنی باوکی کاریگەری ئەو شـەرو ناکۆکیە مەزهەبیەکان هەر بەردەوام بوون لەنێوان دانیشـتوانی بەغداد کە سـونە وشـیعە مەزهەب بوون، یەکێک لەو کاریگەریە مەزهەبیەی بەجێ مابوو بریتی بوون لە کێشـەی نێوان هەردوو مەزهەبەکە لەیادی عاشـورا لەسـاڵی(٣٦٣ک/٩٧٣ز) کە لەم یادەدا سـونەکان هەستان بە هێنانی وشترێک و ئافرەتێکیان خستە سەرپشتی وناویانا (عائیشە)، دوو پیاویان هێناو ناویانان (تەلحە وزبێر) و گوتیان هێرش دەکەینە سـەر لایەنگرانی(علی) ئەم کارەش شـیعەکانی وروژاندو شـەرێکی گەورە لە نێوانیان دروسـت بوو ئەنجامەکەی چەندین کەس کوژرا لە شـیعە و سونەکان، وەکو (ابن کثیر)دەڵێت((ئەوکەسانەی ئەو کارەیان دەکرد زیاتر کەسانی بێ عەقل بوون ویستویانە خۆیان بسەپێنن بەهۆی زۆرینەیانەوە)[27]

**سێیەم: سەردەمی میر عضدالدولة(٣٦٧-٣٧٢ک/٩٧٧-١٠٧٩ز):**

لەسـەردەمی میر(عضـدالدولة(٣٦٧-٣٧٢ک/٩٧٧-١٠٧٩ز) بە سـەردەمی زێرین ناسـراوە لەرووی بەرەو پێشـچونی وولاَت و سـەقامگیربوونی وولاَت هەروەها توانی تاراددەیەکی زۆر باش زاڵ بێت بەسـەر سـەربازە تورک و دەیلەمیەکان وە کێشـەو ململانێیەکانیان لە کۆشـکی میر دور بخاتەوەو داواکاریەکانیان کەم بکاتەوەو هێرشـکردنە سـەر یەکتری کەمبکاتەوە، وەبەشـێك لە سـەرکردەکانی دەیلەمی دورخسـتەوە بەهۆی ئەوەی دەسـتیان هەبوو لە دروسـتبونی کێشـە مەزهەبیەکان لەگەڵ سەرکردە تورکەکان زیاتر گرنگی بەسەربازە تورکەکان دەدا، وە هەرکەسێک

---

[26] - {ابن حوقل، صـورة الأرض، منشـورات دار مكتبة الحياة. بيروت، (١٩٣٨)، ص٢١٧؛ مسـكويه،تجارب، م.س، ٣٥٢/٥؛ الهمذاني، تكلمة الطبرى، م.س، ص٣٥٧؛ ابن الاثير، كامل،م.س، ٣١٧/٦}.

[27] - {ابن الاثير، كامل، م.ن، ٥٣/٧؛ ابن كثير، البداية والنهاية، م.س، ٢٧٢/١١}.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەوڵی دابوایە کێشەی مەزهەبی دروست بکات ئەوا دەکوژرا وە هەموو ئەو دروشمانەی لابرد لەسەر دیوار ومزگەوتەکان کە دەبونە هۆی دروسرت بوونی کێشە لەنێوان شیعە و سونەکان.[28] شیعە و سونەکان بەردەوام هەوڵیانداوە دەست بەسەر ماڵ و موڵک و خانوی یەکتر دابگرن بەتایبەتی لە شاری بەغدا بۆیە دەبوو دەوڵەت خانو و ماڵی هاوڵاتیان بپارێزێت، لەسەردەمی عضدالدولة(٣٦٧-٤٧٢ک/٩٧٧-١٠٧٩ز)، دەیلەمیەکان هەوڵیان دەدا کێشە دروست بکەنەوە لەگەڵ خەلکە سونیەکان بەسوتاندنی گەڕەکە سونییەکان و تاڵانکردنیان بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتیان زۆر بوو لەناو سوپای بوەیهی، بۆئەوەی ئەو گەڕەک و ماڵانەیان بۆ چۆڵ بکەن دواتر لەلایەن دەیلەمیەکانەوە دەستی بەسەردا دەگیرا بەڵام لەلایەن میر(عضدالدولة) رێگریان لێکراو تارادەیەکی باش ئاشایش و ئارامی شاری پاراست و توانی متمانە بگەرێنێتەوە بۆ بازرگانان وهاوڵاتیان لە مامەلەی بازرگانی و کرین وفرۆشتن لەشاری بەغدا.[29]

ئەو دروشمە مەزهەبیانە کە بەردەوام لەسەر مزگەوتەکان دەنوسران، هۆکارێک بوون بۆ بریندارکردنی هەستی سوننە مەزهەبەکان. هەروەك هەڵسان بە زیندوو کردنەوەی نەریتە شیعیەکانی وەك یادی عاشورا و یادی شەهید کردنی (حوسێنی کوڕی عەلی(٤-٦١ک/ ٦٢٦-٦٨٠ز) لەساڵی (٣٥١ک/٩٦٢ز).[30] میر بڕیاری داخستنی بازارەکان و ڕاگرتنی کرین و فرۆشتنی دەرکرد، ئەمەش لەڕێگەی هاندانی ئافرەتەکان بۆ لەخۆدان و گریان لەسەر شەقامەکان و ڕاکێشانی هەستی خەڵکەکە بۆ مەزهەبی شیعە.[31]

ئەم ناکۆکیەی نێوان ئەم دوو مەزهەبە چەندین ساڵی خایاندووە، بوەیهیەکان هۆکارێک بوون بۆ کۆتایی نەهاتنی کێشەکانی نێوانیان، ئەمەش هۆکارێک بوو تا لەو ڕێگەیەوە لەکەسایەتی خەلیفە و سوننە مەزهەبەکان بدەن و هەوڵبدەن بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهەبی شیعە لە عێراق.

---

28 - {مسكويه: تجارب الامم،م.ن، ٧٣/٣؛ الرذراوري: ذيل تجارب الامم، ، دار الكتب العلمية. بيروت (٢٠٠٢) ٧٧/٦}.

29 -{ ابن الجوزي: المنتظم،م.س، ٨٨/٧}.

30 -{الهمذاني،تكلم تاريخ،م.س، ص٤٠١؛ ابن الاثير،كامل، م.س، ٧/٧؛ ابن العماد، شذرات الذهب، في أخبارمن ذهب، تحقيق: عبدالقادر الارناؤوط، دمشق، دار ابن كثير. ١٩٨٩م ، ٩/٣}.

31 -{ابن العماد، شذرات الذهب، م،ن، ١١/٣}.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سوپای بوەیهیەکان پێکدەهات لە کورد و عەرەب و تورک ودەیلەم، بەڵام تورک و دەیلەمیەکان دوورەگەزی سەرەکی بوون لە دەوڵەتەکە و بەردەوامیش کێشەو ناکۆکیان لەگەڵ یەکتر هەبوو[32] سەربازە تورکەکان زیاتر پشتگیری خەڵکە سونەکانیان دەکرد هەروەها دەیلەمیەکانش پشتگیری شیعەکانیان دەکرد لەعێراق ئەمەش بووە هۆی ئاڵۆزکردنی بارودۆخی سیاسی و سەقامگیری ووڵات،[33] هەروەها هەردوو بەرە لەململانێیەکی توند دابوون لە سەر بەدەستهێنانی دەسەڵاتی زیاتر لەدەوڵەتی بوەیهی ئەم ململانێیە ببوە هۆی دروست بوونی بارودۆخێکی نالەبار لە خیلافەی عەباسی بوتایبەت شاری بەغدا، هەتاوەکو میر(عضدالدولة٣٦٧-٣٧٢ک/ ٩٧٧-٩٨٢ز) هاتە سەردەسەڵات و توانی ئەو ململانێیە کەم بکاتەوە رەشەکە هێور بکاتەوە ئاشتەوای لە نێوانیان بکات.[34]

## تەوەرەی دووەم : کێشەو ململانێی مەزهەبی لە سەردەمی لاوازی حوکمڕانی میرانی بوەیهی(٣٧٢-٤٤٧ک/ ٩٨٢- ١٠٥٥ز):

هەروەها لەماوەی دووەمی حوکمرانی میرانی بوەیهی کە بەسەردەمی لاوازی ناسراوە چونکە چەندین ئاژاوە سەری هەڵداوە لە دەوڵەتی بوەیهی، وەك شەڕی نێوان شیعە و سوننە، دەیلەم و تورک، بزوتنەوەی عەیاریەکان و ڕاپەرینی سەربازەکان بۆ زیادکردنی موچەکانیان، تەنگەژەی ئابووری و بێباکی دەوڵەت لە ئاست چارەسەرکردنی ئەم کێشانە.

هەر لەدوای بەجێهێشتنی شاری بەغدا لەساڵی(٣٧٩ک/ ٩٨٩ز) گەرانەوەی بۆ هەرێمی فارس دوبارە کێشەو ناکۆکی مەزهەبی دروست بویەوە لەنێوان شیعە و سونەکانی دەوروبەری دەرگای بەسرە، دواتر تەشەنەی سەند بۆ زۆربەی گەرەکەکانیتر، ئەم شەرە چەندین مانگی خایاند هەر ئەمەش وای کرد کە دووبارە گەرەکی کەرخی شیعەکان بسوتێنرێت لەلایەن سونەکانەوە دووبارە بازارەکان داخرانەوە چالاکی بازرگانی وەستایەوە وە چەندین دووکان

---

32 -{ مسكويه :تجارب الامم، م.س، ١١٣/٢؛ الهمذانی :التكلمة، م.ن، ٢١٨/١؛ ابن الاثير: الكامل ،م.ن، ٦٤٥/٨}.
33 - {ابن العماد: شذرات الذهب، م.ن، ٢٧١/٣}.
34 - {ابن الجوزي: المنتظم، م.س، ١١٦/٧}.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سوتان ئەمەش بوە هۆی وەستانی جموجۆڵی بازرگانی و نەمانی ئاسایش لەشاری بەغدا کە ماوەی دووساڵی خایاند.[35]

**یەکەم: سەردەمی میر (شرف الدولة)(٣٧٥-٣٧٩ک/ ٩٨٦-٩٨٩ز):**

هەروەها لەسەردەمی (شرف الدولة) لەعێراق شەرو کێشەو ناکۆکی مەزهەبی سەری هەڵدایەوە کە شەرێکی گەورەی لێدروست بویەوە لەنێوان دەیلەم و تورکەکان لەناو سوپای بوەیهی کە نزیک لەسێ هەزار لە سەربازەکان کوژران، ئەم شەرە کاریگەری هەبوو لەسەر دانیشتوان وداروخانی بازارو لاوازبونی چالاکی بازرگانی، بۆیە دەوڵەت هەوڵی دەدا کێشەی نێوان بەری کەرخی بەغدا کە شیعە بوون، لەگەڵ سونە مەزهەبەکان نەهێڵێت، بەتایبەتی کاتێک وەزیر (ابوالحسن علی بن محمد الکوکبي ) لەساڵی (٣٨٢ک/٩٩٢ز). لەساڵی (٣٨٤ک/ ٩٩٤ز)هەستا بە قەدەغەکردنی یادکردنەوەی یادی عاشورا لە شیعەکان ئەمەش نارەزایەتی لێکەوەتەوە دووبارە کێشە دروست بویەوە لەنێوان شیعە و سوننە مەزهەبەکان، دوای ئەوەی چەندین خانوو و دوکان سوتێنران، شەڕەکە کۆتای پێهێنرا لەلایەن میری بوەیهی.

**دووەم: سەردەمی میر(بهاء الدولة(٣٧٩-٤٠٤ک/٩٨٩- ١٠١٣ز):**

(بهاء الدولة(٣٧٩-٤٠٤ک/ ٩٨٩- ١٠١٣ز) وە هەستا بەلابردنی ئەو وەزیرە لەسەر داوای پەیرەوانی شیعەکە و دەیلەمیەکان، هەر بەلابردنی نەوەستا بەڵکو خستیە زیندان و دوایش کوشتی.[36] هەرلەساڵی(٣٨٣ک) وەزیر(سابو کوری ئەردەشێر) هەستا بە کردنەوەی قوتابخانەیەک بۆ بلاوکردنەوەی ئاینزای شیعە، بەلام ئەم کارەی بەتوندی لەلایەن خەلیفەی عەباسی (قادربالله) رەتکرایەوەو لەشوێنی ئەودا هەستان بەدروستکردنی مزگەوتێکیتر و دانانی ئیمامێکی سونە بۆی، هەر لەساڵی (٣٨٨ک/ ٩٩٨ز) خەلکە سونەکەی شاری بەغدا لەبەرامبەر بەیادی عاشورا هەستان بەیادکردنەوەی یادی کوژرانی (زوبیری کوری عوام) کە هەڵدەستان بە یادکردنەوە

[35] - ابن الاثير: الكامل ، م.س، ١٤٥/٧}.
[36] -{ابن كثير، البداية والنهاية، م.س، ٣٤١/١١؛ ابن تغري بردي، م.س، ١٦٥/٤}.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەناو بازار و گەڕەکەکان ئەم یادەش زۆربەی جار کێشـــەی لێدەکەوتەوە لەنێوان دانیشـــتوانی شاری بەغداد کە خۆی لە شیعەو سونەکان دەبینیەوە.[37]

کێشـــە و ناکۆکی نێوان شـــیعە و ســـوننەکانی بەغدا بەردەوام بوو، لە ڕۆژی جەژنی (غەدیری خوم)[38] لەسـالّی ٣٨٩ک/٩٩٩ز) دووبارە کێشـە کەوتەوە نێوانیان، هەریەکێک لەوانە لەکاتی یادو بۆنەیەکی خۆی هەندێک دروشـــمیـان بەرز دەکردەوەو دەبووە هۆی بریندارکردنی هەســـتی بەرامبەرەکەی، لە ئەنجامدا شـــەڕو ئاژاوە لەنێوانیـان دروســـت بوویەوە، ئەمەش بووە هۆی کوشـــتن و بریندار بوونی چەندین کەس لە خەڵکی ئەو شـــارە و تاڵان کردنی ماڵی یەکتر و ســوتاندنی بازار و دوکانەکان. میرانی بوەیهی هۆکارێک بوون بۆ هەڵگیرسـاندن و گەورەبوونی ئەم کێشـــانە، چونکە ئامانجیـان ئەوە بوو خەڵکەکە خەریکی کێشـــەکانی نێوانیان بن کەس ئاگاداری خراپی بارودۆخی ئابوری و ڕەوشـــی کۆمەڵایەتی و ســـیاســـی وڵات نەبێت کەس لە دژیان نەجولێتەوە.[39]

دوای ئەوەی سەربازە تورکەکان لەدژی وەزیر (ابونصر سابور) نارەزایەتیان دەر بڕی بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان لەساڵی(٣٩١ک/١٠٠٠ز) هەر بۆ ئەم مەبەستە هێرشیان کردە سەر ماڵی وەزیر، وەزیر بۆ ســـەلامەتی گیانی خۆی خۆی شـــاردەوە لەلای زانا عەلەویەکان، هەربۆیە ســـەرکردە تورکەکان خەلکە ســـونەکانیان لەگەڵدابوو بۆئەوەی مافی خۆیان لە وەزیر وەربگرن ،هەربۆیە وەزیر بڕیاری دا بە جێ بەجێکردنی داواکاری تورکەکان، دواتر بەڕێوەبەری پۆلیســـی بەغدا(ابو الحسن بن محمد بن عمر العلوي) هەستا بەدەستگیرکردنی ئاژاوەچیەکان و شەتارەکان کە ئەم بارودۆخەیان قۆستبووەو دەستیان بەتاڵانی کردبوو.[40]

37 -{ ابن الجوزي: المنتظم، م.س، ٢٠٦/٧؛ مسكويه: تجارب الامم، م.س، ٣٣٩/٤}.

38- غەدیری خوم :لەســـاڵی ١٠ کۆچی کـاتێـک پێغەمبەر لەگەڵ هـاوەڵان لەحەج گەڕاوەتەوە لەغەدیر لایداوە بەگوتەی شـــیعەکان پێغەمبەر(د.خ)لەوێ بڕیاری داوە کە عەلی بن أبي طالب) ببێتە جێنشـــینی لەدوای خۆي، بەڵام ســـونەکان ئەم وەســـفەی پێغەمبەر (د.خ) بۆ ئـازایەتی لێهـاتوی عەلی بن أبی طـالـب دەگەڕێنەوە لەلایەن پێغەمبەرەوە نەوەک بۆ جێنشینایەتی.{ابن كثير، م.س، /٢٢٩}.

39 -{ ابن الاثير، كامل، م.س، ٤٥٩/٧}.

40 - مسكويه،تجارب الامم، م.س، ٣٨٧/٤، ابن الاثير:كامل، م.س، ٢١١/٧}.

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرلەساڵی(٣٩٢ک/١٠٠١ز) کێشە مەزهەبیەکان بەردەوامیام هەبوو بۆیە(میر بهاء الدولة) هەستا بەدانانی (المعلم هرمز) کە بە (عمید الجیوش) ناسراوە رایسپارد بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکەو نەهێشتنی ئەو ئاژاوەو کێشەیەی شاری بەغدای گرتوەتەوە، هەربۆیە(عمیدالجیوش) هەستا بەقەدەغەکردنی یادکردنەوەی یادی عاشوراو یادی کوژرانی(مصعب کوری زبیر)، وە هەوڵدانی بۆ بانگەشەکردن بۆ مەزهەبەکان قەدەغەکرد.[41] ئەم هەوڵەشی دەچێتە چوارچێوەی نەشێتنی شەرو کێشەی ناوخۆی مەزهەبەکان ئەم هەوڵەی تارادەیەک سەری گرت و ووڵات بۆ ماوەیەک ئارامی بەخۆیەوە بینی.

دوای ئەوەی بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکە و کێشە مەزهەبیەکان چارەسەر نەکران لەنێوان سونە وشیعەکان لەسەردەمی وەزیر(الکوکبی)، ئەم جارە هەستا بەدانانی وەزیر (عمید الجیوش) لەساڵی(٣٩٣ک/١٠٠٢ز)، ئەم وەزیرە توانی تارادەیەکی باش چارەسەری کێشە مەزهەبتەکان بکات وە هەستا بە راگرتنی هەموو بۆنە و یادەکانی شیعە وسونە مەزهەبەکان، هەرکەسێکیش هەوڵی دروستکردنی کێشەی بدایە لەپێش چاوی خەڵکەکە فرێی دەدایە ناو رووبار بۆیە دەتوانین بلێین لەو سەردەمە بارودۆخی کۆمەڵایەتی لە شاری بەغداد تارادەیەک ئارام ببویەوەو بەرەو سەقامگیری دەچوو بۆ ماوەیەکی زۆر،

هەر لەگەرمەی شەرو کێشە ناوخۆی و مەزهەبیەکانەوە لەساڵی (٣٩٤ک/١٠٠٣ز) میر( بهاء الدولة) بریاریدا بەدانانی (الشریف أبا احمد الموسوي) بۆ بەرێوەبردنی پۆستەکانی (حەج – دادوەری دادوەران(القاضی القضاة- المظالم. نقابة الطالبین ) کە ئەم پۆستانە لە دەست خەلیفە بون بۆیە خەلیفە ئەم بریارانەی میری بوەیهی رەتکردەوە ،دواتر خەلیفە(القادربالله) رێکەوتنی لەگەڵ عەلەویەکان ئەنجامداو مەرسومێکی بەزانای عەلەویەکان دەرکرد کە خیلافەت و رەچەلەکی فاطمیەکانیان رەتکردەوە لێرەوە مێژوونوسان ئەو سەردەمەیان بەگەرانەوەی دەسەڵاتی خەلیفەی عەباسی داناوە کە دەیتوانی برپارەکانی میرانی بوەیهی رەتبکاتەوە و بریارەکانی خۆی جێبەجێ بکات.[42] جارێکیتر پێکدادان دروست بوو لەنێوان سونە وشیعەکان

41 -{ابن الجوزي: المنتظم، م.س، ٢٢٠/٧-٢٢٢}.
42 -{ابن العبري: تاريخ مختصر الدول، تحقيق: انطوان صالحاني اليسوعي، دارالرائد.، ١٩٨٧، بيروت، ص٩٥-٩٦؛ ابن الاثير: الكامل، م.س، ٥٤١/٩-٥٥٢}.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەســـاڵی(٣٩٧ک/١٠٠٧ز) هۆکـاری پێکـدادانەکەش دەگەڕێتەوە بۆ خەڵکە ســونیەکە، چونکە ڕوویانکرد(عبدالله محرز کوری نعمان) کە بەکوری مامۆســتای فەقیهی شــیعەکان ناســراو بوو، ئازاریاندا و قسەیان پێی گوت ئەمەش بووە هۆی تورەبونی شیعەکان و وەڵامدانەوەیان لە سەر ئەو بێرێزیەی بە مامۆستایەکەیان کراوە، لەرێگای ڕۆیشتن بۆ ماڵی هەریەکە لە قازی(ابو محمد الافغاني و شــێخ ابو حامدي اســفرايني)، دواتر شــیعەکان نوســخەیەکی قورئانیان هێنا کە دەیانگوت ئەمە قورئانەکەی (عبداللەی کوری مسعودە) کە ئەم دانەیەیان جیاواز بوون لەهەموو جۆرەکانیتری قورئان[43] ئەمەش بوە هۆی نارەزای ئەهلی ســونە و هەســتان بەســوتاندنی ئەم قورئانە جیاوازەو هێرش کردنە ســەرماڵی شــیعەکان و ئاگریان لەماڵەکان بەردا، وە خەلیفەی عەباسی (القادر بالله(٣٨١-٤٢٢ک/٩٩١-١٠٣١)، فەرمانی دەرکرد بەرێزگرتن لەخەلیفەکانی ڕاشدین بەتایبەتی ( ئەبوبەکر و عمر).[44] میری بوەیهی (بهاء الدولة) هەر ئاوا دانەنیشــت لەبەرامبەر فەرمانەکانی خەلیفە ئەوەبوو لەســاڵی(٤٠٢ک/١٠١١ز) دووبارە هەســتا بەزیندووکردنەوەی یادی عاشورا لەگەڵ ئەوەی کێشەو ناکۆکی لێکەوتەوە لەنێوانیان.[45]

هەردووبارە لە یادی عاشورا لە شاری( واست) کێشەو ناکۆکی لە نێوان سونە و شیعەکان سەری هەڵدایەوە، سونەکان هێرشیان کردە سەر ماڵە شیعەکان، ناچار شیعەکان چونکە لای (علی بن مزید) بۆ ئەوەی بیان پارێزێت.[46] هەروەها لەساڵی (٤٠٨ک/ ١٠١٧ز) کێشەو دووبەرەکی مەزهەبی ســەری هەڵدایەوە و دانیشــتوانی بەری کەرخی شــیعە و بەری ڕەســافەی ســونە بەربەســتیان درست کردبوو بۆئەوەی پۆلیس نەتوانێت بێتە ناوەوە شەرەکەیان بوەستێنێت کە لە ئەنجامدا زیانی ماددی و گیانی لێکەوتەوە، بوە هۆی تێکچونی بارودۆخی ئابوری کۆمەڵایەتی و تێکچونی ئارامی و ئاسایشی شاری بەغداد بۆ ماوەیە تاوەکو دەوڵەت هەستا بە وەستاندنی شەرەکە ئەم شەرە مەزهەبیانە هۆکارێک بوون بۆ لاوزبونی دەولەت لەناوەو و لەدەرەوە.[47]

---

43 -{ابن كثير، البداية والنهاية،م.س، ٣٤١/١١}.
44- {مصدر نفسه، ٣٤٢/١١}.
45 -{الذهبي، دول الاسلام، م.س، ٢٤٢/٣}.
46 -{ابن الجوزي، المنتظم، م.س، ١٢٠/١٥؛ ابن الاثير، كامل، م.س، ١١٤/٨-١١٥}.
47 -{ابن الجوزي، المنتظم، م.ن، ١٢٥/١٥؛ ابن الاثير، الكامل، ، م.ن، ١٢١/٨}.

لەسەردەمی خەلیفە (القادر بالله(٣٨١-٤٢٢ک/ ٩٩١-١٠٣١ز)، کە هاوکاتە لەگەڵ سەردەمی میر(بهاء الدولة(٣٧٩-٤٠٤ک/-١٠١٣٩٨٩ز)، پەیڕەوانی شیعە هەوڵیان دا زاناکانیان لە مزگەوتەکان دابنێن و ووتاری هەینی لەلایەن ئەوانەوە بدرێت نەك زانایانی سوننە، ئەمەش لەلایەن خەلیفە رەتکرایەوە و بووە هۆی دروست بوونی کێشەو ئاژاوە لەنێوان سوننە و شیعەکان لە ململانێیە شەڕو پێکدادان دروستبوو چەندین کوژراو بریندارى لێکەوتەوە و چەندین خانوو تێکدران و تاڵان کران. تاوەکو وەزیر(عمید الجیوش(م: ٣٦٠ک/ ٩٧٠ز) توانی بارودۆخەکە ئاسایی بکاتەوە بە دوورخستنەوەی شیعەکان و دانەوەی ماف بە سوننەکان، بوەیهیەکان لە عێراق ڕۆڵێکی زۆریان هەبوو لەو ئاژاوەو شەڕانەدا بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە بەرژەوەندیەکانیان بەدی بێنن و سەرکوتی نەیارەکانیان بکەن. بەڵام لەهەرێمی فارس چونکە زۆرینە دەیلەم و فارس و عەلەوی بوون، میرانی بوەیهی لە هەرێمی فارس هەوڵیاندەدا رێگری بکەن لە هەر ئالۆزی و کێشەیەکی مەزهەبی کە سەری هەڵدابوایە.[48]

**سێیەم: سەردەمی میر(جلال الدولة)(٤١٦-٤٣٦ک/ ١٠٢٥-١٠٤٤ز):**

هەروەها لەسەردەمی میر(جلال الدولة) بارودۆخەکە خراپتر بوو کێشەو ململانێیە مەزهەبیەکان زیاتر بوون لە نێوان سەربازە تورک و دەیلەمیەکان تا خۆی لە شۆرەش و راپەرینی تورکەکان بینیەوە لەدژی میری بوەیهی بەهۆی ئەو ناداپەروەرەیەی هەبوو لە نێوان سەربازەکان و دانیشتوانە سونی وشیعیەکان، سەرکردە و سەربازە تورکەکان توانیان گەمارۆی ماڵی میر بدەن و نەهێلن خۆراک وئاوی بۆ بچێت، هەتاوەکو داواکاریەکانیان بۆ جێبەجێ نەکرێت لەناو سوپای بوەیهیدا.[49]

جارێکیتر کێشەو ناکۆکیە مەزهەبیەکان لە نێوانیاندا ڕوویداوەتەوە وەک لەساڵی (٤٤٣ک/١٠٥١ز). ئەم جارەیان بەشێوەیەکی زیاتر کێشەکانیان سەری هەڵدایەوە کە لەوکێشانەدا چەندین هاوڵاتی بێ تاوان کوژران و مافی چەندین هاوڵاتی پێشێل کرا لە سوننە و شیعەکان هەروەها

[48] -{ابن الاثیر، کامل، م.س، ٢١/٨؛ ابن کثیر،البدایة والنهایة، م،س، ٣٨١/١١}.

[49] - {ابن الاثیر: الکامل، ن.م ٨/ ٢٤٩؛ ابن خلدون: تاریخ ابن خلدون، تحقیق: حامد الظاهر، دار الفجر للتراث، (القاهرة. ٢٠٠٤)، ٤٥٦/٣}.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بوەهۆی ئەوەی کە سونەکان هەستن بە هێرش کردنە سەر گۆڕی پیاوچاکان و زانایانی شیعەو گۆڕەکانیان هەڵدەنەوە وەکو گۆڕی (موسـي بن جعفر- زبيده – ميران وبنەماڵەی بوەیهی)، شێیعەکان هەستان بە هێرشکردنە سەر ناوچە سونیەکان و خەلکێکی زۆریان کوشت لەوانەش زانای عەنەفی(ابو سعيد السرخسي) و وەهەستان بەسوتاندنی قوتابخانەو وانە شەرعیەکان و کە سـونی بوون، هەتاوەکو ڕێژەی کوشـتن بەشـێوەیەکی بەرچاو بەرز بویەوە لە نێوانیان، هەروەها بووە هۆی تێکدان و ڕوخاندنی ماڵ و دوکانی یەکتر و سـوتاندنی بازار و مزگەوتەکان کە میرانی بوەیهی ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لەو ئاژاوانەدا، چونکە ئەوان شیعە مەزهەب بوون و خەڵکی عێراقیش زۆرینە سـوننە بوون، بۆیە هەموو کارێکیان دەکرد بۆ چەوسـاندنەوەی سوننەکان و بڵاوکردنەوەی مەزهەبی شیعە لە عێراق.[50]

لە ململانێی نێوان سـوننە و شـیعە سـوپای بوەیهی بێلایەن نەبوون، بەڵکو کێشـەی مەزهەبی پەلی هاویشـت بۆ نێو سـوپا، زۆرجار سـوپا ڕۆڵێکی باڵای هەبوو لەپێشـێلکردنی ماف و ئازادیەکانی هاوڵاتیان، وە بۆ یەکلایکردنەوەی کێشـەکان، وەک دەبینین ڕەگەزی دەیلەم لە سوپای بوەیهی شیعە بوون، بەڵام تورکەکان سوننە بوون، ئیدی هەریەکە و یارمەتی لایەنگرانی مەزهەبەکەی خۆی دەدا، لەم پشـێوی و ململانێیەی نێوان سـوپاو خەڵک تەنها میرانی بوەیهی سودمەند دەبوون، چونکە بەهۆیەوە دەیانتوانی دەسەڵاتی تەواو بەسەر دەوڵەت دا بسەپێنن و بەهۆیەوە نەیارانیان لاواز بکەن یان لەناویان ببەن، بۆیە ئامۆژگاری کەسـیان وەرنەدەگرت بۆچارەسەر کردنی کێشە ناوخۆیەکانیان ئەگەر لەبەرژەوەندی خۆیان نەبوایە.[51] ئەم بارودۆخە بەو شـێوەیە بەردەوام بوو، رق کینەی نێوانیان جگە لەماڵ وێرانی، هیچ سـودێکی نەبوو بۆ خەڵکی عێراق.

**چوارەم: سەردەمی میر(كاليجار ملك الرحيم)(٤٤٠- ٤٤٦ک/ ١٠٤٨- ١٠٥٥ز):**

هەروەها لەسـەردەمی میر(كاليجار ملك الرحيم) کێشـە وئالۆزیەکان زیاتر بوون بەڕادەیەک کێشـە مەزهەبیەکان زیادیان کرد لە ناو خەلک و سـوپای بوەیهی دەوڵەت نەیدەتوانی بەرپەچی

[50] -{الذهبي،سير أعلان النبلاء، م.س، ٢٤٢/٣؛ ابن كثير،البداية والنهاية، م.س، ٣٤٦/١١ }.
[51] -{ابن الاثير، م.س، ٢٠١/٨؛ ابن الجوزي، م.س، ١٥/ ٢١٩-٢٢٠؛ کامەران فتح الله، دەوڵەتی عەباسی، م.س، ل٢٢٧}.

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەو هێرش و مەترسیە دەرکیانە بداتەوە کە ناوە ناوە رووی لەووڵات دەکرد، هەروەها کێشەی نێوان شیعە وسونەکان لە شاری بەغدا بەردەوام بوو کە هۆکارێک بوو بۆ تێکچونی بارودۆخی کۆمەڵایەتی تێکچونی کۆمەڵگە، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆئەوەی کۆتای بە دەســەڵاتیان بێت لە عێراق.[52]

لە عێراق مامۆستای ووتاربێژ لە مزگەوتەکان دەبوو کەسێکی نزیک بێت لە دەسەڵات یان شیعە بێــت یــان نەدەبوو وتــارەکەی لە دژی دەوڵەتی بوەیهی و میرەکـان بێـت، نەدەبوو بـاســی گەندەڵیەکانیان بکات زۆرجاریش ئەوکەسەی دادەنرا مامۆستایەک و زنایایەکی سەر بەخۆیان بوو، بۆیە ئەوەی لە بڕیارەکانی میرانی بوەیهی دەرچوبوایە یان دەکوژرا یان لە وتاری هەینی مزگەوت لادەدرا یان بەتوندی ئاگادار دەکرایەوە.[53]

هەروەها میرانی بوەیهی گرنگی زۆریان بەدروستکردنی (الحسينية) شیعەکان داوەو پارەیەکی زۆریان تێدا دروستکردووە هەوڵیان داوە لە زۆربەی شارەکان ئەم حوسەینیانە دروستبکەن و پاسەوانی بۆ دابنێن و هەوڵیانداوە بەجوانترین شێوە دروستی بکەن نەخشو نیگاریان لەسەر دروستکردووە، هەڵبەتە ئەم کارەی میرانی بوەیهی بۆ زیاتر برەودان بووە بەمەزهەبی شیعە و دروستکردنی جیاوازی بووە لەنێوان شیعە و سونەکان بۆ ئەوەی جیاوازی و ناکۆ نێوانیان زیاتر بێت و بەردەوام لە کێشە دابن.[54]

هەر لەدوای هاتنی بویهیەکان هەڵیاندا جیاوازی دروســت بکەن لە نێوان شــیعەو ســونەکان، لەوبارەوەو هەستان بە هێنانە پێشەوای عەلەویەکان و چەندین پۆستیان پێدان وەکو ئیمامی مزگەوت و ســەرۆک قافلەی حاجیان.[55] زیاتر دەســەڵاتی شــیعەو عەلەویەکان لەســەردەمی میر(بهاء الدولة) دەرکەوت لەســاڵی(٤٠٣ک/١٠١٣ز) کە هەســتا بە بڵاوکردنەوەی( نقابةالطالبين)

---

[52] - {ابن الاثير: الكامل، ن.م، ٢٨٦/٨؛ ابو الفداء. المختصر في أخبار البشر، دار المعرفة للطباعة والنشر، ( بيروت (١٩٩٦)، ٥٣٣/١}.
[53] -{صادق سجادى على ال داود،اتابگ يزد، د.م، دائرة المعارف بزرگ اسلامي،، ١٣٨٥ش، ص٥}.
-[54] - { القفطي: إخبار العلماء باخبار الحكماء، تحقيق: محمد امين الخانجى الكتبى، بطبعةالسعادة، دارالكتب الخديوية، مصر. (١٩٢٥)، ص٢٦٣}.
-[55] {ابن الجوزي: المنتظم، م.س، ٩٠/٨}.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نوســەری علەوی( الرازي الموســوي) لە بەغدا و هەروەها ناوبراوی کرد بە (نقيب النقباء) ( سەرپەشتی سەر پەرشتەکان).[56]

هەروەها خەلیفە(قادربالله() لەساڵی (٤٢٠ک/)١٠٢٩ز)، بڕیاری دورخستنەوەی ئیمامێکی شیعەی دەرکرد لە مزگەوتی (براثا)کە مزگەوتێکی شـیعەکان بوو، ئیمامێکی سـونەی لە شـوێنی دانا وە داوای لە ســوپا کرد کە ئیمامەکە بپارێزن، بە بەهانەی بەپیرۆزدانانی (علی) تائاســتێک بگاتە ئاســتی خوادا، کە ئەمەش لەلایەن خەڵکی ســونە قبوڵ نەکراو بوو، هەروەها بلاوکردنەوەی ئاینزانی شـیعەو هۆکارێکە بۆ بلاوبونەوەی کێشـەی مەزهەبی بەڵام دواتر شـیعەکان هاتنە لای خەلیفە وداوای لێبوردنیـان بۆ ئەم کارەو بەڵێنیـاندا لەســەر دووبارە نەکردنەوەی ئەو کارانە خەلیفە(القـادربـالله) تـارادەیەکی بـاش توانی بووی دەســەڵات و هێز بۆخیلافەت و خەلیفە بگەڕێنێتەوە.[57]

لەدواسـاڵەکانی حوکومڕانی بوەیهیەکان دووبارە کێشـەی مەزهەبی لە شـاری بەغداد دروسـت بوو لەیادی عاشـورا کە کاریگەری هەبوو لەسـەر بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سـیاسـی، ئەو پێکدادانانە لەســاڵەکانی (٤٤٠/٤٤١ک/ ١٠٤٨- ١٠٤٩ز)، ڕوویدا لەنێوان دانیشــوانی کەرخ و ڕەسافەی کە شیعە وسونەی تێدانیشـتەجی بوون لەو پێکدادانانە چەندین کەس کوژراو بریندا ربوون، ســوپا هەوڵی دا کۆتای بەو کێشــانە بهێنێت بەڵام نەیتوانی ،ئەم جارەیان بەرپرســی پێشوی پۆلیسی شار (ابومحمد النسوي) هەوڵیدا بەزەبری هێز کۆتای بەو ئاژاوەیە بهێنێت بەڵام دانیشــتوانی کەرخ و ڕەســافە لەمپەرو دیواریان دروســت کردبوو بۆ ئەوەی پۆلیش نەتوانێت بێتە ناو گەرەکەکان، کێشــەکەیان کۆتایی پێنەدەهات چونکە هەر کاتێک یادێکی ســونەکان دەهاتە پێش خەڵکە سونەکە بەسـەر سـەرکردەو خەلیفەکانیان هەڵدەدا و بەڵام شیعەکان جنێو قسە و دروشمی ناشرینیان بپێدەگوتن هەروەها سونەکانیش بە هەمانشێوە، بۆیە ئەم کێشانە

[56] - {ابن الطقطقي: الفخري في الاداب السطانية والدول الاسلامية، ، الطبع، درنبورغ. باريس (١٨٩٥) ص٩٤}.
[57] -{ ابن الجوزي، المنتظم: م.س، ١٩٨/١٥؛ ابن الاثير، كامل، م.س، ١٨٥/٨}.

**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بووە هۆی سوتانی گەرەک و بەشێک لەدووکانەکان و راوەستانی چالاکی بازرگانی و تێکچونی ئارامی شار.[58]

مێژوونوسان باسی ڕوداوێکی گرنگ دەکەن لەساڵی(٤٤٢ک/١٠٥٠ز) ئەوەیش ڕێکەوتنی نێوان شیعەو سونەکان بوو لەسەر لابردنی ناکۆکیەکانیان و پێکەوە دژی سەرۆکی پۆلیس بوەستنەوە کە (ابو محمد النسوي) بوو، هەردوو بەشی کەخ و رەسافە واتا شیعە و سونەکان ئاشتبونەوەو دووبارە پشگیریان بۆ خەلیفە دەربڕی ئەمە یەکەم جارە سونە وشیعەکان رێکبکەون لەسەر کێشەکانیان لەسەردەمی میرانی بوەیهی.[59] بەڵام دواتر ئەو ململانێیە بەردەوام بوو لەساڵەکانی (٤٤٣-٤٤٤-٤٤٥-٤٤٦ک) بەدرێژای ئەو ساڵانە رەوشی شاری بەغدا لەبار نەبووە بۆژیان بەهۆی کێشەو فیتنەی نێوان شیعە و سونەکان ئەگەرچی پۆلیسی شار هەوڵی داوە کۆنترۆلی ئەم کێشانە بکات بەسەرکردایەتی (ابو محمد النسوي)، بەڵام نەیتوانیوە بنبڕی بکات، بۆیە هەندێک جار سەربازانی تورک وهاتونەتە ناو کێشەکان بۆ ئەوەی کۆتای بەململانێکان بهێنن وە خەڵکێکی زۆریان لەشیعەکانی کەرخ کوشتوە وبەشێک لەخانوەکانیان سوتاندووە.[60]

بەگشتی ژیان لەعێراق لە ململانێیەکی مەزهەبی توند دابووە لە نێوان شیعە وسونەکان کە زۆربەی ناوچەکانی عێراقی گرتبووەوە بەتایبەتی شاری بەغدا، بەتایبەتی ئەم کێشانە و ململانێیانە لەلایەن بوەیهیەکانەوە لەگەڵ خەڵکی عێراق و سونەکان ئەنجام دەدرا، ئەم ململانێیە مەزهەبیەی کە لەسەردەمی بوەیهیەکان زیاتر زەقکرایەوەو کێشەکان گەورەترکران بە پشتگیری کردنی شیعەکان لەدژی سونەکان کاریگەری خراپی بەجێهێشت بۆ ماوەیەکی زۆر، ئەم ململانێیە مەزهەبیە زیاتر لەکاتی بۆنەو یادەکانەوە سەری هەڵدەدایەوە و زیادی دەکرد، ئەم کێشانە هێزو دەسەڵاتی بوەیهیەکانی بەرەو لاوازی برد کەنەیاندەتوانی زاڵبن بەسەر هێزەکانی دەوروبەریان تاوەکو لەساڵی (٤٤٧ک/ ١٠٥٦ز)، لەلایەن سەلجوقیەکانەوە کۆتای بەدەسەڵاتیان هێنرا.

58 ابن الجوزي، المنتظم: م.س، ٣١٩/١٥؛ ابن الاثير، ٢٩٢/٨؛ ابن كثير، البداية والنهاية، م.س، ٧٤/١٢}.

59 -{ابن الجوزي المنتظم: ن.م، ٣٢٥/١٥؛ ابن كثير، البداية والنهاية، ن.م، ٧٧/١٢}.

60 -{ان الجوزي: المنتظم، ن.م، ٣٢٩/١٥-٣٣٥-٣٤٠؛ ابن الاثير: الكامل،ن.م، ٣٠٨/٨-٣١٢- ٢٩٢}.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## تەوەرەی سـێیەم: ڕۆڵی بزوتنەوەی عەیارو شـەتارەکان لە زیادبونی کێشـەو ململانێیەکان:

عەیاری و شەتارەکان سەرەتای دەرکەوتنیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی سێی کۆچی، زیاتر لەسـەردەمی ناکۆکی نێوان (ئەمین و مأمون)دا دەرکەتن، ڕێخسـتنەکانیان بەشـێوەی دە کەسـی بوو واتا هەر دە کەسـێکیان سـەرکردەیەکی هەبوو هەر دە سـەرکردەش عەریفێکیان هەبوو، هەردە عەریف ئەمیرێکیان هەبوو بۆ پاراسـتنی شـارەکانی عێراق بەگشـتی و پاراسـتنی بەغدا بەتایبەتی، بۆیە لەسـەردەمی ململانێی نێوان ئەم دووبرایە ڕێژەیان ڕووی لە زیادبوون کرد ژمارەیان بوو بە پەنجا هەزار، جلو بەرگی تایبەتیان لەبەر دەکرد بۆ ئەوەی جیابکرێنەوە، ئەمانە ڕێگرو دزو تاڵان چیبوون ئامانجیان تاڵانکردن و فەرهودکردنی دووکان و فرۆشـگاو بازارو و ماڵی دەوڵەمەندەکان بوو، ئەم بزوتنەوەیە پێکدەهات لەچینێکی لێقەوماو بێکارو کەم دەرامەت لە ڕووی دارایەوە کە لە نەتەوەی (کورد و عەرەب و تورک و فارس ...) پێکدەهاتن.[61]

سـەرەتـای ڕۆڵگێرانیـان دەگەڕێتەوە بۆسـاڵی(٢٥١ک/ ٨٦٥ز). کـاتێـک پشـتگیری خەلیفە(المسـتعین(٢٤٨-٢٥٢ک/ ٨٦٢-٨٦٥ز))، یان کرد بۆ پاراسـتنی بەغدا لەدژی تورکەکان کە پشـیگیری براکەیان دەکرد بەناوی (المعتز (٢٥٢-٢٥٥ک/٨٦٥-٨٦٨ز) لە سـامەرا، کاتێک ژمارەیان زیادی کرد بە ئاشـکرا هێرشـیان دەکردە سـەر کاروانە بازرگانیەکان، هۆکاری ئەو تاڵانیەش بە وتەی خۆیان دەگەڕێتەوە بۆ نەدانی باج و زەکات لەلایەن بازرگانان و دەوڵەمەندانەوە ئەوانیش ئەو بەشـەی بۆ زەکـات بووە بردوویـانە و داویـانە بەهەژارەکـان.[62] هەروەهـا وەزیر (ابن شـێرزاد(٣٣٤ک/ ٩٤٥ز) پشـتی پێبەسـتن لە ڕووبەڕوبونەوەی بوەیهیەکان کاتێک هاتن بۆ شـاری بەغدا، وە دواتریش چەندین جار میرانی بوەیهی بۆ یەکلای کردنەوەی ململانێی نێوان خۆیان بەکاریان هێناون، هەروەها لە سـاڵی (٣٦٤ک/ ٩٧٥ز)، هێرشـیان کردە سـەر شـاری بەغدا

[61] - {ابن الجوزي، المنتظم، م.س، ٢٢٣/٧؛ الذهبي، سير اعلام، م.س، ١٠/٣؛ ابوحيان التوحيدي، الامتاع والمؤانسة، تحقيق: أمجد أمين وأحمد الزين، دار الكتب العلمية،١٩٧٣م . بيروت، ١٥٨/٣}.

[62] - {ابن الاثير، م.س، ٤٤٩/٨؛ ابو حيان التوحيدي، الامتاع، م.س، ١٥٨/٣؛ کامەران فتح الله، دەولەتی عەباسی، م.س، ل٢٣٢}.

بەسەرکردایەتی (الزبد العاري) توانیان زاڵبن بەسەر سەربازە بوەیهیەکان و دەست بگرن بەسەر شـــاری بەغدا و باجیان لە دووکانداراو بازارەکان وەردەگرت و دوای بردنی کەلوپەلەکان دواتر ئاگریان لە بازار و دووکانەکان بەردا.[63]

هەروەها(المقدســـي) ناویان دەهێنێت بە(" دەوڵەتی عەیارین"))، ئەمەش لەبەر بەهێزی دەسەڵاتیان بووە لەنێو شارەکان، هەروەها لەساڵی (٣٦٢ک/ ٩٧٣ز)، کێشەیەکی گەورە ڕوویدا لە نێوان شیعەو سونە لەلایەک و ڕووبەڕوبونەوەی عەیاریەکان لەلایەکیتر کە هەموو ئەهلی بازار لە دژیان وەســتانەوە لە ئەنجامی ئەم شــەڕو فیتنە خوێناویە چەندین کەس کوژران و چەندی خانو ماڵ لەلایەن شــیعەو ســونەکانەوە ســوتێنراو تاڵانکران، هەروەها بازارەکانیش لەلایەن عەیارییەکانەوە تاڵان کران و دوواتر ســوتێنران.[64] هەروەها (عیاری) شــەتارەکان)لەســاڵی (٣٧٩ک/ ٣٨٠ک/ ٩٨٩-٩٩٠ز)، باجیان بەســەر بازاری شــاری بەغدا ســەپاند بوو ســاڵانە وەریان دەگرت ئەمەش نـارەزای و شــەرو ئـاڵۆزی لە نێوان عەیـاری و دووکـانـدارەکـان لێکەوتەوە لە ئەنجـامـدا چەنـدین کەس لەهەردوولا کوژران و برینـدار بوون، هەر لەســـاڵی (٣٨٤ک/ ٩٩٤ز)، بەسەرکردایەتی (عزيز البابصري) توانیان سەرکەون بەسەر سوپای بوەیهیەکان، میرانی بوەیهی بێهیوا بوون لە لەناوبردنیان، هەروەها لەســاڵی (٣٩٤ک/ ١٠٠٣ز)، توانیان زاڵبن بەســەر ســوپای بوەیهیەکان و دەست بەسـەر شـارەکانی عیراق و بازارەکاندا بگرن بۆ هەر بازارێک عەریفێکیان دادەنـا بۆ کۆکردنەوەی بـاج لە دووکـانـدارەکـان تـاوەکو دواتر وەزیر(عميـد الجيوش) توانی بۆماوەیەکی کاتی زاڵ بێت بەسەریاندا چالاکیەکانیان کەم بکاتەوە.[65]

هەروەها لەســاڵی (٤١٧ک/ ١٠٢٦ز) عەیارەکان چالاکیـان زیـادی کرد بەســەرکردایەتی(أبي يعلى المصـــلي) بنکەیەکی لە دەرەوەی بەغدا بۆخۆی بنیاتنا وەک ناوەندێک، دواتر بە ســەرکردایەتی (البرجمي) لەســاڵی(٤٢١-٤٢٢ک/ ١٠٣٠-١٠٣١ز) توانیان دووبارە چالاکیەکانیان زیاد بکەنەوەو دەســت

---

63 -{ابوحيان التوحيدي، ن.م، ١٦٥/٣؛ ابن الجوزي، المنتظم، م.س، ٧٧/٧}.

64 -{ابن الاثير، كامل، م.س، ٢٢٥/٨؛ کامەران فتح الله، دەوڵەتی عەباسی، ل٢٣٤}.

65 -{ابن الجوزي، المنتظم، م.س، ٢٢٣/٧؛ ابن كثير ،البداية، م.س، ١٣٩/١١}.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەسەر زۆرێک لە بەشەکانی دەوڵەت دابگرن وەکو(دار المملكة)، سەرکردەکانیان کەسانی لێهاتوو بەهێز بوون لە ڕووی ڕێکخسنەوە بەرامبەر بە دەوڵەت سەرکردەکانی وەک (ابن كبورية- ابوالدود- ابو النوايح) بوون، لە ساڵەکانی(٤٢٤ – ٤٣٨ک/ ١٠٣٢ -١٠٤٦ز)بوو.[66]

هەرکەسێک هەوڵی خۆدزینەوەی دابوایە لە نەدانی باج ئەو لەلایەن عەیاریەکانەوە دەکوژرا، لەساڵی(٤٢٣ک/١٠٣١ز ) لە ڕووبەڕووبەوەیان لەگەڵ پۆلیس(شرطة) بەغدا بووە هۆی کوژرانی بەرپرسی پۆلیسی شاری بەغدا، هەروەها لەساڵی (٤٢٨ک/ ١٠٣٦ز) {الحنبلي، ١٩٨٩م، ٣/٢٠٧}. بە شێوەیەکی کرداری توانیان دەست بەسەر شاری بەغدا و بەندیخانەی ئەو شارەش دابگرن و زیندانیەکان ئازاد بکەن.[67] ئەمانە بەردوام بوون لە تاڵانیەکانیان ئەندامەکانیان لە گەنج و پیرو سونە و شیعەی پێک دەهاتن، بەشێکی زۆر نەتەوەکان لەم بزوتنەوەیە بەشدار بوون هۆکارەکەشی بڵاو بونەوەی هەژاری و کەمدەرامەتی هاوڵاتیان بوو، لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا میرانی بوەیهی جگە لە خەریک بونیان بە کێشە ناوخۆیەکانیان بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵات هیچ چارەسەرێکیان لەلانەبوو بۆ کێشە ئابوریەکان و زیاد بوونی هەژاری و هەبوونی کێشەی ناوخۆی لە نێوان میرە بوەیهیەکانەوە، دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی سەڵجوقیەکان لە ناوچەکە لەساڵی(٤٤٧ک/١٠٥٥ز)، تا خەلیفە (الناصرالدين الله(٥٧٥-٦٢٢ک/١١٨٠-١٢٢٥ز) هاتە سەردەسەڵات و توانی کۆیان بکاتەوە ڕێکیان بخات لە سوپایەکی بەهێز بۆ بەرگریکردن لە خیلافەت و خستیە ریزی سوپای خیلافەتەوە، وەکو سوپایەکی بەهێز دەرکەوتن، ئامادەکران کە بۆ پاراستنی شاری بەغدا و ناویشیان بوو بە (بزاڤی لاوەکان(الفتوة).[68]

---

[66] - {ابن الجوزي،المنتظم، ن.م، ٧/٢٢٣؛ ابن كثير،البداية والنهاية، ن.م، ١٢/٣٩؛ ابن عماد: شذرات الذهب، م.س، ٣/٢٠٧}.

[67] -{ابوحيان التوحيدي، الامياع، م.س، ٣/١٦٣؛ ابن كثير، البداية والنهاية،م.س، ١٢/٣٩}.

[68] -{ابن الجوزي،المنتظم، م.س، ٦/٣٤٦؛ السيوطي،تاريخ الخلفاء تحقيق: محمد محي الدين عبدالحميد، مصر، دار النشر مطبعة السعادة، ١٩٥٢م، ص١٦٨؛ کامەران فتح الله، دەوڵەتی عەباسی، ل٢٣٤}.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دەرەنجام :**

شـــەری مەزهەبی لەســـەردەمی بوەیهیەکان برەوی پێدرا بەتایبەتیەوە لەســـەردەی چوارەم و پێنجەمی کۆچی، بوەیهیەکان ئەم کێشـــە مەزهەبیەیان خوڵقاند کە بوەهۆی واڵاکردنی دەرگای فیتنە وئاژاوەی نەبڕاوە لە شـــاری بەغداد کە ئەنجامەکەی بووە هۆی دروســـت بونی دژایەتی لەنێوان ســـونەو شـــیعەکانی عێراق بەگشـــتی و شـــاری بەغدا بەتایبەتی وە لەئەنجامی ئەم پێداданانە چەندین هاوڵاتی مەدەنی تێیدا کوژران وەســـەدان دووکان و ماڵ و چەندین گەرەک سوتێنران، خاپور بوونی چەندین ماڵ، چەندین کەسایەتی بەناوبانگ و زانای موسلمانی سونی کوژران لەلایەن شـــیعەکانەوە، بەپێچەوانەوە، کە ئەمش وایکرد دەســـەڵاتی بوەیهیەکان بەرەو لاوازی بڕوات و ســـەرنجام شـــۆرەش و راپەرینی هۆزەکـان و میرنشـــینەکـانی لێکەوتەوە سەربەخۆی خۆیان لەدەوڵەت راگەیاند.

ئەم کێشە مەزهەبیانە کەسەری هەڵدابوو لەشاری بەغدا هۆکارێکی گەورە بوو لەسەر لاوازبونی بارزگانی و نەهاتنی بازرگانان بۆ شـــاری بەغدا، وە کەمبونەوەی جولەی بازار لەو شـــارەد کە ئەمەش زەرەری زۆری لەدانیشـــتوانەکەیـدا و بووە هۆی کەم بونەوەی داهـات، لە ئەنجـامـدا خەڵکەکە ناچار فێری دزی و تاڵانی و رێگری بوون، هەروەها ئاســـایش و ئەمنیەتی شـــار بەهۆی ئەم شـــەرو کێشـــە ناوخۆیانەوە نەمابوو ئەمەش وایکرد خەلک و زانایان بچنە دەرەوەی شـــاری بەغداو روو لەشوێنێک بکەن کە ئارامی و ئاسایشی تێدا هەبێت.

هەروەها لەبەر بەردەوامی کێشـــە مەزهەبیەکان چینێکی هەژار و کەمدەرامەت دروســـت بوو ناچار بۆ بەدەستهێنانی بژێوی رۆژانەیان دەچوونە پاڵ گروپی عەیارو شەتارەکان وکاری رێگری و دزی وتاڵانیان دەکرد ئەمەش وایکرد بەشێک لەسەرمایەدارەکان ئەم شارە بەجێ بهێلن و روو لەناوچەکانیتر بکەن بەمەش بووە هۆی داروخانی ئابوری و نەمانی پارە لەو شارەو گوزەرانەکە خراپتر بوو، دەســـەڵاتی ووڵات زیاتر بەرەو خراپی فەســـادی کارگێری بەرێووەبردن دەچوو، ئەو هەموو هۆکارانە بوونە پاڵنەرێک بۆ لەناوچوونی دەسەڵاتەکەیان لەساڵی **(٤٤٧ک/ ١٠٥٥ز)** لەسەر دەستی سەڵجوقیەکانەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ليستى سەرچاوەکان:**


١- إبن ألاثيرالكامل في التاريخ، تحقيق: أبوفداء عبدالله القاضي، (بيروت( ١٩٩٥). ، دارالكتاب العربي.

٢- الأصفهاني. الأغانى، تحقيق: على مهنا وسير جابر، (لبنان( ١٩٦٢) دارالفكر للطباعة.

٣- ابن تغري بردي. النجوم الزاهرة في ملوك مصر و القاهرة، (القاهرة-١٩٦٣)، المؤسسة المصرية العامة للتأليف.

٤- ابوحيان التوحيدي الامتاع والمؤانسة، تحقيق: أمجد أمين وأحمد الزين، (بيروت-١٩٧٣).، دار الكتب العلمية.

٥- التنوخي: نشوار المعاضر و أخبار المذاكرة، تحقيق: عبود الشالجي، (بيروت-١٩٧١). ، دارصادر.

٦- ابن الجوزي:. المنتظم في تاريخ الملوك والامم، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا و مصطفي عبدالقادر عطا، (بيروت-١٩٩٢)، دارالكتب العلمية.

٧- ابن حوقل. صورة الأرض، (بيروت- ١٩٣٨) منشورات دار مكتبة الحياة.

٨- ابن خلدون:. تاريخ ابن خلدون، تحقيق: حامد الظاهر، (القاهرة-٢٠٠٤)، دار الفجر للتراث.

٩- الذهبي. سير أعلام النبلاء، تحقيق: بشار عواد، (بيروت-١٩٨٣)، مؤسسة الرسالة.

١٠- الروذراوري (. ذيل تجارب الامم، (بيروت-٢٠٠٢)، دار الكتب العلمية.

١١- السيوطي تاريخ الخلفاء، تحقيق: محمد محي الدين عبدالحميد، (مصر-١٩٥٢)، دار النشر مطبعة السعادة.

١٢- صادق سجادي و على ال داوودي. اتابگ يزد، د.م، دائرة المعارف بزرگ اسلامي،(١٣٨٥ش)

١٣- ابن الطقطقي. الفخري في الاداب السطانية والدول الاسلامية، (باريس-١٨٩٥)، الطبع، درنبورغ.

١٤- ابن العبري. تاريخ مختصر الدول، تحقيق: انطوان صالحاني اليسوعي، (بيروت-١٩٨٣)، دارالرائد.

١٥- ابن العماد الحنبلي.. شذرات الذهب في أخبارمن ذهب، تحقيق: عبدالقادر الارناؤوط، (دمشق-١٩٨٩)، دار ابن كثير.

١٦- کامەران على فتح الله: مێژووی دەوڵەتی عەباسی، (هەولێر-٢٠١٩)، چاپخانەی رۆژهەڵات.

١٧- ابو الفداء. المختصر في أخبار البشر، (بيروت-١٩٩٦)، دار المعرفة للطباعة والنشر.

١٨- القفطي إخبار العلماء باخبار الحكماء، تحقيق: محمد امين الخانجى الكتبى، بطبعةالسعادة، دارالكتب الخديوية، (مصر-١٩٢٥).

١٩- ابن كثير. البداية و النهاية في التاريخ، تحقيق: على شيرى، (د.م) (١٩٩٦)،دار احياء التراث العربى.

٢٠- المقريزي. الســـلوك معريفة دول الملوك، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، (بيروت-١٩٣٤)، دار الكتب العلمية.

٢١- مسكويه. تجارب الامم وتعاقب الهمم، تحقيق: سيد كسروي حسن، (بيروت-٢٠٠١) دارالكتب العلمية.

٢٢- الهمذاني. تكلمة تاريخ الطبري، تحقيق: محمد ابوالفضــل ابراهيم،( بيروت-١٩٥٨)، دار النشــر المطبعة الكاثوليكية.

٢٣- ابن هشـــام. الســـيرة النبوية، تحقيق: مصـــطفي الســـقا و ابراهيم الابياري و عبدالحفيظ الشـــلبي، مصر،(١٩٥٥) (د.ط).

٢٤- الهمذاني. تكلمة تاريخ الطبري، تحقيق: محمد ابوالفضــل ابراهيم، (بيروت-١٩٥٨)، دار النشــر المطبعة الكاثوليكى.

---

## Religious conflict in Baghdad during the Buwayhi state in 334-447 AH

**Azad Othman Mustafa**
Department of History, Literature, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: sadraldin.qader@su.edu.krd

**Sadraldin Mustafa Qader**
Department of History, Literature, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: sadraldin.qader@su.edu.krd

***Keywoords:*** *nternal conflict, Shatars, eras of strength, weakness, religions*.

## Abstract

The major problem of the Abbasid Caliphate during the third and fourth periods of the Hijra was the religious problem. Some of the countries that assumed power within the Caliphate worked on religious disputes in the country, and

caused the deterioration of the political situation and chaos in the country. The protection of people, the disappearance of markets, the deterioration of trade, and the decline and disappearance of businessmen and the rich because these problems threaten their capital. The primary purpose of the princes was to attack the Sunnis and spread the Shiite doctrine. They discriminated against the people and scholars, and clashes occurred between the Sunnis and the Shiites later, which led to the killing and wounding of many people. People. Another reason for these battles is that the companions of the Prophet were subjected to insults and insults written openly on the walls. The Sunnis attacked Shiite areas, killed each other, and burned each other's homes. homes and shops. This problem is rooted in Iraq in general and Baghdad in particular, and continues to this day.

---

## الصراع الديني في بغداد في عهد دولة البويهي (334-447هـ/945-1055م)

**ملخص:**
كانت أكبر مشكلة تعرضت الخلافة العباسي خلال القرنين الرابع والخامس للهجرة هي المشكلة الطائفية ،فبعض الدول التي تولت السلطة داخل الخلافة وعملت على الخلافات الطائفية مثل الدولة البويهية في العراق وإقليم الفارس ، اذا فإن أي دولة لديها مشكلة مذهبية ولا تحلها لن تكون قادرة أبدا على أن تكون قوية داخل البلاد وخارجها ، ستكون سببا في تدهور الوضع السياسي والاقتصادي للأسواق . ازدادت المشكلة الطائفية في بغداد خلال العصر البويهي، وكان من أهم الاسباب الرئيسي الأمراء انفسهم، فأمراء البويهيون كانوا يهدفون إلى ضرب أهل السنة ونشر المذهب الشيعي والتمييز و الاختلافات بين الناس والعلماء الشيعة والسنة، في حين ان أهالي بغداد غالبيتهم من السنة في تلك الفترة، وكذلك جزء من أهالي المدينة من العلويين والشيعة الاثنا عشرية او الامامية، فتسببت تلك الأعمال في احتجاج لدى أهل السنة والعلماء، ومن ثم وقعت اشتباكات بينهم واسفرت القتلى والجرحى فيما بينهم.
تتكون هذه الدراسة من الفصل بعنوان المشكلة والصراع الطائفي في بغداد خلال العصر الدولة البويهية (334-447م/945-1055م)تتكون هذه الدراسة من ثلاثة مباحث او محاور: المحور الأول، يتحدث عن الصراع الطائفي في العصر الذهبي للأمراء البويهيين (334-372هه). نتطرق فيه عن الأمير(معزالدولة-عز الدولة بختيار--عضد الدولة) وعن مدى تاثيرهم في هذا الصراع وكيف حلوا المشكلات الطائفية، أما المحور الثاني، نتحدث عن المشكلة والصراع الطائفي في فترة ضعف حكم امراء البويهيين (372-447الهجري).والتي تتضمن فترة حكم كل من(بهاء الدولة - شرف الدولة- جلال الدولة الملك الرحيم )،كذلك نبين عدم قدرتهم و ضعف سلطتهم تجاه تلك المشكلات والأحداث، المحور الثالث، نتحدث عن دور حركةالعياريون والشطار في ازدياد المشكلات والصراعات و ونهب و الحروب وقتلة، وكيف لم تستطع الدولة القضاء عليهما رغم القوة التي تمتلكها آنذاك..